# زنجیره دراما دۆبلاژکراوەکان لەنێوان چێژو کێشەدا
# دۆبلاژی عەرەبی یان کوردی خۆشترە؟



ئەگەرچی کەم تا زۆر لەبارەی زنجیرە دراما بیانیەکان نوسراوەو تێیدا تیشکخراوەتە سەر چێژ لە بینینی دراماو هەندێجاریش لایەنی خراپەی خراوەتەروو، کەتێیدا (تەماشاکاران) بە تایبەتی کچان بە جۆرێك کێش دەکات و چەقیان پێدەبەستێ و بە درێژایی کاتی پەخشکردنی زنجیرەکە، کاروباری ناوماڵ فەرامۆش دەکەن...بەڵام ئێمە لەو ڕیپۆرتاژەدا بەوردی دەربارەی ناوەڕۆکی چیرۆکەکان و دۆبلاژی دراماکان (دراما کوردی و ئەو زنجیرە بیانیانەش کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و عەرەبی) ئەدوێین.

سەرەتا بەهۆی تەنگژەی درامای کوردی(بە لەبەرچاوگرتنی چەند هەوڵێك بۆ بەرهەمهێنانی درامای کوردی) هاوڵاتیانی کوردستان بە هەردوو ڕەگەزی نێرومێ بینەری زنجیرەبیانیە دۆبلاژکراوەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی بوون، تا ئێستاش بەشێکی زۆری هاوڵاتیانی کوردستان لەنێویشیاندا ڕێژەیەکی بەرچاو لە کچان ئالودەی ئەو زنجیرە دراماییانەن کە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی عەرەبی. جگە لەمەش چەندزنجیرەیەکی فارسی و کۆری کەلەهەردوو کەناڵەکانی سەحەرو کوردستان تیڤی بۆسەرزمانی کوردی دۆبلاژکراون بینەری بۆ خۆی زیاتر کرد...

ئامادەکردنی: ئیسماعیل ئەبابەکر

### ((کوڕانیش سەیری زنجیرە دراماکان دەکەن))


(حەسەن ئەحمەد) کە فەرمانبەرەو لەڕێگای خوشکەکانیەوە ئارەزووی لە سەیرکردنی دراما دۆبلاژکراوەکان پەیداکردووە، بەمجۆرە لەبارەی زنجیرە دراماکانەوە دوا " سەرەتا کەم سەیری حەلقەکانم دەکرد، بەڵام دواتر خولیای بینینیانبوم، چونکە هەرکاتێك دەچوومەوەماڵەوە خوشکەکانم لە یەکێك لەکەناڵە عەرەبیەکان بەدیار زنجیرەیەکەوە رادەمان منیش، بە ناچاری لەگەڵیان دادەنیشتم تا ئاخیرجار مەراق دەبووم" لەدرێژەی قسەکانیدا بەلای خۆیەوە سەیرکردنی زنجیرەی دۆبلاژکراو بۆسەر زمانی عەرەبی بە هۆکارێك دادەنێت بۆ فێربوونی زمانی عەرەبی، ئەمە

جگەلەوەی کە دەڵێ "چیرۆکی دراماکان فێرمان دەکەن چۆن لەژیان تێبگەین و چۆن مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرو خۆشەویستەکەمان بکەین" چونکە ئەو رایدەگەیەنێ کە لە بەرامبەر هەر کێشەیەك نووسەری دراماکە چارەسەرێکی گونجاوی داناوە بۆ ئەوەی بینەرو وەرگر بەچەشنی ئەوان بەسەر تەگەرەکان زاڵبن. سەبارەت بە جیاوازی لەنێوان دۆبلاژکردنی زنجیرەکان بۆسەر زمانی عەرەبی و کوردی پێیوایە "تائێستا نەتوانراوە وەك پێویست دۆبلاژ بۆ سەر زمانی کوردی بکرێت" لە نێوان دۆبلاژی کەناڵی سەحەر و کوردستان تیڤیش شێوەزاری رۆژهەڵاتی کوردستانی پێخۆشترە، بەڵام دەق و چیرۆکەکانی زنجیرە فارسیە دۆبلاژکراوەکانی بۆ سەر زمانی کوردی

پێناخۆشەو دەڵێ! "بەهیچ جۆرێك چیرۆكەكان لەگەڵ ئێمە ناگونجێن زیاتر سیاسین، باس باسی مافیاو چەتەو دزو جەردەكانە مرۆڤ ناتوانێ چێژی لێوەرگرێ، چونكە ئەوان پەیامێكی سیاسیان هەیەو نایەنەوێ لەبواری كۆمەڵایەتی خەڵك رێنمایی بكەن" لە كۆتایی قسەكانیشدا (حەسەن ئەحمەد) هەوڵە سەرەتاییەكانی بۆ دۆبلاژی كوردی بەگرنگ داناو هیوای خواست بەردەوامی پێبدەنو وتی " هیوادارم تەنها زنجیرە كۆریەكان دۆبلاژنەكرێن، بەڵكو دەبێت هی نەتەوەكانی تریش، بۆئەوەی لەكولتورو دابونەریتی هەموو نەتەوەكانی تر شارەزابین، چونكە رووداوەكانی هەر نەتەوەیەك لە هی نەتەوەیەكی تر ناچێت" .

هەروەها (پشتیوان سەعید) كە گەنجێكی تازە پێگەیشتووە رایدەگەیەنێ كە ئەو تەنها سەیری ئەو درامایانە دەكات كە بە زمانی كوردین، چونكە هەروەك خۆی دەڵێ "تەنها زمانی كوردی دەزانێت". (دیار) كە هەردوو زنجیرە كۆریە دۆبلاژكراوەكانی بۆسەزمانی كوردی بینیوە وا لەبارەیانەوە دوا "چیرۆكەكان زۆر خۆشن من هەمیشە بەدیاریانەوە هەستدەكەم رۆڵدەگێڕم، بە شێوەیەك تێكەڵدەبم كەخۆم لەنێو دراماكەدا دەبینمەوە" هۆكاری ئەو بە قوڵرۆچوونەشی بەنێو ناوەرۆكی دراماكاندا بۆ تێگەیشتن لە دەقەكاندا دەگەڕێنێتەوە، سەرەڕای ئەوەی كە دڵی بەو دۆبلاژكردنە زۆر خۆشە، بەڵام گلەییشی لەماوەو كاتی پەخشی زنجیرەكان هەیەو وەك رەخنەیەك بەمجۆرە قسەیكرد " قەت بووە لەیەك هەفتەدا تەنها دوو حەڵقە لێبدرێت؟!هەندێجار رووداوەكانی حەلقەی پێشوترت بیر دەچێتەوە تا ئەوەی تر لێدەدرێت" لە كۆتایی پەیڤینیشیدا هیوایخواست كە كەناڵەكان هەرهەموویان هەوڵی دۆبلاژكردنی زنجیرە دراماو تەنانەت فیلمەكانیش بدەن.

(لاوین حاجی)یش كە مامۆستایە بینەرێكی بەردەوامی زنجیرە دۆبلاژكراوەكانە بەتایبەتیش عەرەبیەكان. سەرەتا دەستخۆشی لە كوردستان تیڤی كرد كە بۆ دووجار زنجیرەی دۆبلاژكراوی پەخشكردووە داوای بەردەوام بوونیشی بۆخواستن لەو پێناوە. ئەو كە عەرەبیەكی باشیش دەزانی زیاتر سەیری دراما عەرەبیەكان دەكات، چونكە پێیوایە "هێشتا ماوە بەبێ كەموكوڕی بتوانرێت دراماكان دۆبلاژی كوردی بكرێن"و زنجیرەی (چیرۆكی خۆشەویستیەكی خەمناك) یشی بەنموونە هێنایەوەو وتی"حەلقەی كۆریەكەم بە دۆبلاژی عەرەبی هەر هەمووی دیتوە، بەكوردییەكەش تەماشای دەكەم جیاوازی هەیە لە وەرگێڕاندا، تەنانەت لە ئەدای قسەكردنی ئەوانەی دەنگیان خستۆتە سەر دەنگی ئەكتەرەكان جیاوازی هەیەو عەرەبیەكەی بەدیقەتتر كاری لەسەر كراوە" سەبارەت بەوەش كەچۆن خولیای لەبینینی درامادا پەیداكردووە وتی " كەناڵەكانی ئێمە هەر خەریكی مێزگردو بەرنامەو دیداری سیاسین، مێشكیان پڕكردین لەهیچ! باس باسی سیاسەتو جەنگاوەریتیو قارەمانێتییە، تەنانەت لەزنجیرە خۆماڵیەكانیش هەر لەو بابەتانە پێشكەش دەكەن، لێرەوە هەموومان بەدوای بابەتی خۆشەویستیو كۆمەڵایەتی دەكەوین كە لە كەناڵەكانی ئێمە بوونیان نیە" بۆ وەرگێڕانی زنجیرە ئێرانیەكانیش بێزاری خۆی لێیان پیشاندا لە چیرۆكەكانو پێیوابوو ئەوەی ئەوان دەیكەن تەنها سیاسەتەو هیچی تر " خەڵك دەترسێنن بەوەی گوایە لەبەرامبەر مافیاو پیاو خراپاندا دەزگاكانیان زۆر هوشیارن!" هەروەها سەرسوڕمانی خۆیشی لە خۆشەویستی كوڕو كچانی زنجیرە دراما مەكسیكیو كۆریەكان پیشانداو خواستی " كوڕانو كچان"ی وڵاتەكەشی وەك ئەوان بەرامبەر یەك بەوەفابن. هەروەها (عومەر مەلا) كە فەرمانبەرە تەنها لەسەر جیاوازی لەنێوان دۆبلاژی زنجیرە فارسیەكان و كۆریەكان بۆ زمانی كوردی قسەی بۆكردینو بەڕای خۆیەوە دۆبلاژی كوردانی رۆژهەلاتی كوردستانی پێ خۆشترەو باشترەو دەڵێت "دەنگی كوردەكانی ئێران لەدۆبلاژكردندا دەنگێكی درامیە، بە پێچەوانەوە دۆبلاژی حەلقە كۆریەكان كە لە كوردستانی خۆمان دۆبلاژكراون وەك دۆبلاژی فیلم كارتۆنەكان مامەڵەی لەگەڵداكراوە!"



زنجیرەی ماریمار

## (( باوكەكان بینەری زنجیرە دراماكان نین ))

زۆربەی ئەو باوكانەی منداڵەكانیان سەیری دراماكان دەكەن دژی پەخشكردنی زنجیرەكانن، چونكە ئەوان زیاتر حەزیان لە هەواڵەكانە جگە لەمەش ئارەزوێكی زۆریان لەسەیركردنی كەناڵە ناوخۆییەكانو ئەو كەناڵانەش هەیە كە باس لەجیهانی ئاژەڵان دەكەن. هەڵبەتە ئەم خولیایەی باوكان زۆرجار كچانو كوڕان لەبینینی زنجیرەكان



گرتەیەك لە چیرۆكی خۆشەویستییەكی خەمناك

بێبەشدەكات، هۆكارێكی تری سەرەكی وەك (مام سەعید) باسیكرد كەخاوەنی شەش كچی جاحێڵە بۆ " فەرامۆشكردنی ئیشوكاری ناوماڵ " دەگەڕێننەوە. (مام سەعید) زیاتر بێتاقەتی خۆی لە زنجیرە دراماكان نیشانداو وتی "باوەڕكە وەختەك میوانمان دێت هەست بەشەرمەزاری دەكەم، چونكە كچەكانم نەك هەر ئیشەكی جێبەجێناكەن، بەڵكو هەتا فیلم (زنجیرە دراماكە) تەواو دەبێت قسەیەك لەگەڵ میوانەكانیان ناكەن!" هەروەها باوكان پێیانوایە زنجیرە دراماكان كاریگەرییەكی نێگەتیڤ بەسەر ژیانی كچانیان بەجێدێڵێ و ترسیان لە لاسایی هەیە بۆ كچان و كورەكانیان. لە بەرامبەر ئەو بیركردنەوەیەی باوكەكانیشدا كچان كاریگەرییەكی لەو جۆرە بەدوور دەزانن.

## ((كچان هەمیشە لەچاوەڕوانی زنجیرە دراماكانن))

كچان كە زیاتر لە كوڕان تەماشای دراماكان دەكەن وەك لە قسەكانیان دەردەكەوێ ئالودەی زنجیرە دراماكانن، ئەوان چونكە بەشێكی زۆری ژیانیشیان لەگۆشەگیریەو لەماڵەوە زۆربەی كاتەكانیان بەسەر دەبەن، بۆیە بەم چەشنە خویان بە بینینی دراماكانەوە گرتووە.

" هیچ حەلقەیەك باز نادەم هەندێجار لەڕۆژێكدا سەیری سێ حەلقە دەكەم " ئەمە سەرەتای قسەكانی (شیلان فاروق) بوون كە كچی ماڵەوەیە. ئەو كچە كە زۆر تامەزرۆی بینینی زنجیرە دراماكانە لە وەڵامی ئەوەی كە ئاخۆ قەت بووە لەسەر سەیركردنی دراماكان تووشی كێشە بوبێت بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە " من زۆرجار تووشی كێشە بویمە بەتایبەتی لەكاتی هاتنی یاری تۆپی پێ لەگەڵ براكانمدا هەمیشە تووشی كێشە هاتووم و ئەوان لێناگەڕێن سەیری حەلقەكان بكەم لەكاتێكدا ئەوان دونیای دەرەوەیان بەسەردا كراوەترەو ئەتوانن لەدەرەوە سەیری یارییەكان بكەن!" هەروەها ئاماژەی بەوەشدا كە لەگەڵ باوكیشی زۆرجار تووشی كێشە هاتووە. بەڵام باسی ئەوی كرد كە كێشەی لەگەڵ باوكیدا لە سەر كاروباری ناوماڵ نیەو دەڵێت " من بەر لەهاتنی هەر حەلقەیەك هەموو ئیشەكانی ناوماڵ تەواو دەكەم، بەڵام باوكم بەبیانووی سەیركردنی هەواڵەكان و هەندێجاریش بێ پاساو لێناگەڕێ تەماشای حەلقەكان بكەین" ئەمەو لەكۆتایی ئاخافتنەكانیشیدا بۆ ئێمە بەنیسبەت جیاوازی لە وەرگێڕان و دۆبلاژی زنجیرەكانەوە گوتی "هەموو حەلقە وەرگێڕدراوو دۆبلاژكراوەكان خۆشن، بەڵام عەرەبییەكان زیاتر، چونكە هەموو حەلقەیەك دۆبلاژ دەكەن من زیاتر خولیای ئەوانم"

دواتر (رازاو عوسمان) وتی " زۆر بەپەلەم تا كات دەڕوات بۆ ئەوەی تەواوكەری زنجیرە لەكاتێكی تر بێتەوە، من تەنها لە موسەلسەلەكان چێشتخانەو میوانخانەو سوپەر ماركێتی گەورەو پارك و شوێنی خۆش دەبینم!" هەروەها درێژەی بەقسەكانیداو تامەزرۆیی خۆی بۆ دراما مەكسیكیەكان نیشانداو گوتی "جیاوازیەكی زۆر هەیە لەنێوان زنجیرەی كۆری و مەكسیكی و ئەرجەنتینی، ئەگەرچی عەرەبییەكی پاراویش نازانم، بەڵام من دۆبلاژكراوە عەرەبیەكانم پێخۆشترە لەكوردیەكان، بەئێرانی و كۆریەكانیشەوە"

(باران تۆفیق)یش وەك زۆربەی كچان حەزی لەسەیركردنی دراما هەیە، بەڵام ئەوەی ئەو بەختەوەر دەكات ئەوەیە كە باوكی "هەرگیز " ڕێگر نەبووە لە بەرگرتن و قەدەغەكردنی دراماكان، بەڵكو بە خۆشحاڵیەوە ئەوە دەخاتە ڕوو كە زۆرجار بەخۆی و باوكی لە دیار زنجیرە عەرەبییەكان دادەنیشن و باوكی ئەو ڕستەو دەربڕینانەی بۆ وەردەگێڕێتە سەر زمانی كوردی كە ئەو لێی تێناگات .

دوابەدوای ئەویش (شەهلا حاجی) بە پێچەوانەی (باران) نارەزایی خۆی لەباوك و براكانیدا دەربڕی و گوتی " باوكمان و براكانم زۆریان پێناخۆشە ئێمە سەیری زنجیرەكان دەكەین، چونكە پێیانوایە حەرامە، ئێمە تەنها ئەتوانین كاتەكانی خۆمان بە سەیركردنی زنجیرەو فیلمەكان بەرێكەین ئەوانیش لێمان حەرامدەكەن!" ئەو رایدەگەنێت كە هەمیشە بە حەزەوە لەچاوەڕوانی دراماكاندایەو سەیری هەموویان دەكات بۆیە جیاوازییەكانی نێوان دۆبلاژی عەرەبی و كوردی بە چەند خاڵێك ڕادەگەیەنێت " زمان و شێوەزاری حەلقە دۆبلاژكراوە كوردیەكان زمانێكی بازاڕییەو هی كۆڵانەكانە بە پێچەوانەوە دۆبلاژی عەرەبی زمانێكی پاراوو رۆمانسیانەیە!" (شەهلا) لە كۆتاییدا رایگەیاند كە دۆبلاژی زنجیرە دراما فارسیەكان لە هی كۆریەكان بۆ سەر زمانی كوردی خۆشترە. لەكۆتاییشدا هەموو ئەو كچانەی قسەیان بۆ ئێمە كرد جەختیان لەسەر ئەوە كردووە كە باوك و براكانیان لێناگەڕێن چێژ لە دراماكان وەرگرن.